کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای گەل

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

ژمارەی 42 ڕێبەندانی 1386

سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League
کومیتەی کوردستان
Committee of Kurdistan

شکۆدار بێت یادی ڕەستاخێزی سیاکەڵ

لەم ژمارەیەدا . . .

سالیادی سیاکەڵ
لاپەرەی 5

وەك خەزەر خرۆشان بین
لاپەرەی 7

بۆنەی دووی ڕێبەندان
سالڕۆژی ...
لاپەرەی 8

یادی ڕا پەڕینی مەزنی
ڕێبەندانی 1357
لاپەرەی 11

بارودۆخی ناوچە چۆنە و
ئالترناتیوی چەپ . . .
لاپەرەی 13

## سەروتار

ڕێبەندانی هەموو ساڵ وەبیرهێنەری دوو ڕووداوی مێژووییە لە جەریانی خەباتی چینایەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران .

19 و 22ی ڕێبەندان دوو خاڵی گرێنگە لە خەبات و تێکۆشانی ستەم لێکراوان و چەوساوانی وڵاتی لە زنجیری سەرمایەداری ئێمەیە . وڵاتێك کە بە درێژایی مێژوو لە ژێر چەکمەی دام و دەزگای سەرکوت و فاشیزمی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرەستی شا و شێخ شاهیدی هەزاران دەردو مەینەت بوو. هەژاری و بێ ماڵی و دەربەدەری و لەش فرۆشی و بی مافی و ۆیندان و ئەشکنجە و ئیعدام و ... دیاری ئەو دەسەڵاتدارانەیە کە ساڵەهای ساڵە بە سەر ئەم وڵاتە و خەڵکی بێ بەشی ئەم وڵاتەدا حوکم دەکەن.

دەسەلاتەکانی یەك بە دوای یەکی ئێران بە پشتیوانی و لایەنگری پشتیوانان و تیئوری داریژەرانی ناوخۆ و دەرەکی خۆی و بە کەڵك وەرگرتن لە پشتیوانی مادی و مەعنەوی سەرمایەدارانی ناوخویی و دەرەوەی وڵات توانیانە دام و دەزگای سەرکوت و وەحشیگری خۆیان پەرە پێ بدەن , تاکو بسەلمێنین کە پاسدارانی چاکنبۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەی جیهانی.

19 و 22ی ڕێبەندان دوو خاڵی گرێنگی هێرشی خەڵکی چەوساوە بوو بۆ لە ناوبردنی سەرکوت و بنیات نانەوەی کۆمەڵگایکی ئازاد و بەرابەر و وەدی هێنانی عەدالەتی کۆمەلایەتی .

بۆ بنیات نانەوەی کۆمەڵگایکی بێ چەوساندنەوە و سۆسیالیستی .

لە یادی ئەم مانگەدا و لە یادی پیروزی ئەم دوو ڕۆژە مێژووییەدا دەستەی نووسەرانی ڕێگای گەل ویرای پیروز بایی لە سەرجەم هەڤاڵانی فیدایی و گەلی چەوساوە دەستی داوەتە سەر لە نوێ چاپ و بلاوکردنی گۆڤاری ڕێگای گەل . هیوادارین بتوانین لەم ئەرکەدا بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەکانمان سەرنجی خوێنەران و هاوریانمان ڕابکیشن.

### چینی کرێکار و چالشەکانی سەر ڕێگای

دەقی لێدوانی هاورێ یەدی شیشەوانی لە سیمیناری سەرانسەری کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی لە سالی 1367ی هەتاوی

لە گەڵ ڕێز و سلاو خزمەتی هەموو هاوریان و هەروەها سەری ڕێز و نەوازش دادەنین لە بەرانبەر هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سوسیالیزم . ئەمڕۆ بە بۆنەی ساڵوەگەری ... لاپەرەی 2

کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

کۆمەڵ کوژی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ساڵی 1367 دا کۆ بووینەتەوە . ڕێز بگرین لە یادی ئەم ئازیزانە و لە بەرانبەر خۆراگری و بەرخۆدانیان لە بەرانبەر دیکتاتوری مەزهەبی و بۆ هەوڵ و تێکۆشانیان و لە خۆبردوویی ئەوان لە بەر خاتری ئازادی ، سوسیالیزم و بەختەوەری مرۆڤەکان ، سەری ڕێز و نەوازش دادەنین .

لە سەرەتاوە دەبێ ئاماژە بەوەی بکەم کە ئەم بۆنە ، بۆنی یادکردنەوەی شەهیدانی کۆمەڵ کوژی هاوینی ساڵی 1367 ە و بێ گومان بەشێکی هەرە مەزنی زیندانیانی سیاسی و لەخۆبردووانی ئەم 28 ساڵەی دەسەڵاتداریەتی پڕ لە نەنگی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لە گەڵ ئارمانەکانی کرێکاری و سوسیالیستی گیانی خۆیان فیدا کردوون . و مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری ئێمە بە خەبات و جەنگاوەری و بەرخۆدانی ئەم جگەرخوێنانە نووسراوەتەوە .

ئەو کەسانەی بە هۆی پروپاگەندەی رووخێنەری قەڵەم بە دەستانی کۆنەپەرەستان و ئیمپریالیزم و مافیای دەسەڵات و سروەتی حاکیم بە سەر وڵاتەکەماندا دەیانەوێ وا نیشانی بدەن کە گوایە لە نێوان خەبات و بەرخۆدانی نەسڵەکانی ڕابردوو و چینی کرێکار و خەبات و ئارمانەکانی ئەم چینە هیچ پەیوەندیەك نەبووە ، دەبێ لەم کارەی خۆیان شەرم بکەن و دڵنیا بن کە ئارمانەکانی ئەم شەهیدانە و ئەم هەموو زیندانی سیاسیە و ئەشکنجە کراوە وەك دارێکی ئەستوور لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری و سوسیالیسی وڵاتەکەمان ریشەی خۆی تا قووڵایی داکوتاوە و درێژەی خەبات و تێکۆشان تاکو سەرکەوتن تەزمین دەکات .

بەڵام ئەسڵی قسەکانی من لە سەر چینی کرێکار و چالشەکانی سەر رێگای ئەوە . بۆ پێشکەش کردنی ئەم باسەش 30 دەقیقەیان بۆ من دیاری کردوون . قسکانم بە شێوەیەك ڕێك خستووم کە 10 دەقیقەی کۆتایی بهێڵم بۆ گوێ ڕاگرتن لە پرسیارەکانی بیسەران و وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەی ئازیز بدەمەوە .

ئەڵبەتە ئەگەر بمەوێ بە شێوەیێکی گشتی و ورد و هەمە لایەنە باسی بابەتەکە بکەمەوە پێم وایە ئەم زەمانە وەلامدەری باسەکە نابێ . لە بەر ئەمەی کە هەم پێویستیی هەیە بە لێکدانەوەی وەزعیەتی چینی کرێکار لە هەلومەرجی ئێستادا و هەم لێکدانەوەی وردج و دەقیقی وەزعیەتی سیاسی ، ئابووری و کۆمەلایەتی وڵات کە چالشەکانی کرێکاران لەم کۆمەڵگایە لەم هەلومەرجانە سەرچاوە دەگرێ و هەم چۆنیەتی بەرنگار بوونەوەی کرێکاران لە گەڵ ئەم چالشانەیە . من هەوڵ ئەدەم بە شێوەیێکی کورت ڕا و بۆچوونی خۆم دەربڕم بە لە بەرچاوگرتنی ئەمەی کە هەموو بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لە گەڵ ئەم مەسەلەیە ئاشنان و پێویستیی بە شی کردنەوەی نیە . ئەمە ڕاستێکی هاشاهەڵنەگرە کە چینی کرێکاری ئێران و یان کرێکارانی ئێران بەشێکی گرینگ لە کۆمەڵگای 70 میلیونی ئێمە پێك دێنن .

1_ ئەم کرێکارانە لە باری ئابووری و ریفاهی جگە لە بەشەکانی لەوان کە لە سەنعەتەکانی نەوت و پیتروشیمی و یان سەنعەتە قورسەکان کار دەکەن و خاوەن پسپوری سەرەوەن ، بە لە بەرچاو گرتنی پیوانەی نرخەکانی ئێستادا لە ژێر هێڵی هەژاری ژیان بەسەر دەبەن . بەشێکی گەورە لەم کرێکارانە لە کارگەکانی بچووك کار دەکەن و یان لە گوندەکان دەژین و یان لە قەراخی شارەکان ، کە لە ئەسڵدا لە شمولی یاسای کار و هیتد . . . وەدەرن .

کە ئەمەش بەو مانایەیە کە ماوەتەوە بە ئینسافی خاوەن کارەکان کە چۆن لە گەڵ ئەوان ڕەفتار بکەن . گرفت و موشکلی خانوو ، دەرمان و تەندروستی و پیداویستیەکنی تری ژیان و

و ریفاهیش بەم گرفتە ئابووریە دەتوانین زیاد بکەینەوە . ئەم گرفتە لە هەلومەرجی ئێستادا گرفتی سەرەکی و گەورەی کرێکارانە ، کە دەرفەتی هەر جۆرە بیرکردنەوەیێک لەوان دەستێنێ . هەروەها چینی کرێکاری ئێران لە ساڵەها پێش رووبەرووی هێرش و سەرکوتی سەرمایە بووەتەووە .

لە مەودای ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا سەرەرای وەدەرهێنانی کرێکارانی کارگەکانی بچووک لە شمولی یاسای کار ، توانیان گرێ بەستەکانی کاتی بکەن بە کارێکی ئاسایی و یاسایی . ئەو گرێ بەستانەی کە بە ئیمزا کردنیان لە لایەن کرێکارانەوە ، خاوەن کارەکان بە دەستی ئاوالەوە ئەوەی کە بیانەوێ دەتوانن لە ناویدا بنووسن . بەم گرێ بەستە داسەپاو و ئیجباریە رازی نین ، بەڵکو لە کرێکارانیش سفتەی سپی ی ئیمزایش وەردەگرن . هەلومەرجێک کە چەوساندنەوەی کرێکار زۆرتر و داهاتی سەرمایەش سەد ئەوەندەی تر دەکاتەوە . ئاوا شێوەیێکی چەوساندنەوە لە گەڵ پێوانەکانی قۆناخەکانی کۆیلەداریش هاوسەنگ نیە و زێدەباریەک کە لە مەودای ئەم ساڵانە لە هێزی کاری کرێکاران و زۆرتر بوونی ڕادەی چەوساندنەوەی ئەوان نەسیبی سەرمایەداران بووەتەوە لە گەڵ هیچ دەورەیێکی تر موقایسە ناکرێ . ئاکامەکانی سەرژمێری لە کارگەکانی سەنعەتی ساڵی 1384ی هەتاوی ( 2005ی زائینی ) نیشانی دەدات کە لە ساڵی 1383دا 16283 کارگەی سەنعەتی خاوەن 10 نەفەر کرێکار و یان زۆرتر لە وڵاتدا کاری کردووە . ئاکامەکانی ئەم سەرژمێریە نیشانی دەدات کە کارگەکانی سەنعەتی خاوەن 10 نەفەر کرێکار و یان زۆرتر لە ساڵی 1383 نزیک بە 39935/2 میلیارد ریاڵ وەک قەرەبووی خزمەتگوزاریەکان ( هەق دەس و مووچە و هەزینەکایتر ) داوەنە هەق دەس بگیران و مووچە بگیرانی خۆیان . ئەم کارگانە لە هەمان ساڵدا زێدەباریەک نزیک بە 181268/2 میلیارد ریاڵ بەرهەم هێناون لە حاڵێکدا نرخی سەرمایەدانانی ئەم کارگانە لە هەمان ساڵدا نزیک بە 22629/1 میلیارد ریاڵ بووە . ئێستاکە با ببینین بە پێ ئەم سەرژمێریانە هەزینەکانی بنەماڵەیێکی کرێکار چەند بووە و چۆن دابین کراوە و چەندەی ئەو پەیوەندیی هەیە بە هەق دەسەکانی رەسمی و چەندەی ئەویش لە ڕێگای داهاتەکانی لاوەکی دابین دەکرێ . لە ساڵی 1384دا ، مام ناوەندی هەموو هەزینەکانی خاڵسی ساڵانەی بنەماڵەیێکی شارنشین 59242 هەزار ریاڵ بووە . بە پێ ئاکامەکانی بە دەست هاتوو لە ساڵی 1384دا ، مام ناوەندی داهاتی ووتراوی ساڵانەی بنەماڵەیێکی شارنشینیش 53678 هەزار ریاڵ دیار کراوەتەوە .

بە سەرنجدان بە سەرچاوەکانی ئەم داهاتە تێدەگەین کە هەق دەسەکان تەنیا بەشێکە لە داهاتی بنەماڵەکە . لە حاڵێکدا زۆرتر لە سێ لە چواری داهاتەکانی بنەمالەکان لە کار و چالاکی لاوەکی و لە دەرەوەی ساعەتەکانی کار و یان لە ڕێگای کاری منداڵان و ژنان بۆ بنەماڵە دابین کراوەتەوە . بە پێ هەر ئەم سەرژمێریە 36/5 لە سەدی داهات لە ڕێگای کارەکانی هەق دەستی و مووچەبگیری ، 26/4 لە سەد لە ڕێگای کارەکانی ئازاد و 37/1 لە سەد لە ڕێگای داهاتەکانی تری بنەماڵەکان دابین کراوە . واتە پتر لە 66 لە سەدی داهاتەکانی بنەماڵکان ( ئەگەر بێتو بگاتە ئاستی 59224 هەزار ریاڵ ) لە ڕێگای کارەکانی ئازاد دابین دەکرێ . ئێستاکە با بمێنێ دەرکردنی سەدان هەزار کرێکار لە ناوەندەکانی بەرهەم هێنان و دواکەوتنەکانی دانی مووچەی زۆر کەم کە لە گیرفانی سەرمایەداران دەبێتە

گەورە بۆ گەڕان لە ناو بازاردا و لە بەرانبەردا دەبێتە هۆی هەژاری و نەهامەتی زۆرتر بۆ کرێکاران . لەم پەیوەندیەدا وەزیری ریفاه بەم شێوەیە دەڵێ کە : >> نزیك بە 9/2 میلیون نەفەر لە ژێر هێلی هەژاری تەواودا دەژین ، لە ئێراندا لانی کەم چوار جۆرە هێلی هژاری ڕێژەیی ، بە تەواوی ، زۆر و بکوژ تاریف کراوە و لە بەر ئەوەی کە نیوانی داهاتەکان و نرخی قەیران و گرانی یەکجار زۆر بووەتەوە کە فورمولەکانی ناسراو بۆ دیاریکردنی هێلی هەژاری تەواویش بۆ ئەوان وەڵام ناداتەوە و هەر ئەم وەزیرە ڕایگەیاندووە کە ئەیهەوێ << هێلی بژیو >> دیاری بکات ، واتە هێلیك کە لە لە هێلی هەژاری بکوژ ( کە دیاری کەری ئەو بە کار هێنانی هەزار کالوری ئینرژی لە لایەن هەر کەسێکە ) خوارترە . موسا الرەزا سروەتی نوێنەری شاری بجنورد و ئەندامی کومیسیونی کۆمەڵایەتی مەجلیس ژمارەی هەشیمەتی ژێر هێلی هەژاری زۆری گوندنشین و شارنشین لە وڵاتی ئێران نزیك بە یەك میلیون و نۆ سەد و سی و نۆ هەزار و هەفت سەد نەفەر بە پێ ڕاپورتەکان ڕاگەیاندووە و ئاماژە بەوەی دەکات کە : >> هێلی هەژاری بە تەواوی شاری بە پێ ئەم ڕاپورتانە نزیك بە سەد و شەست و دوو هەزار و پێنج سەد تومەن و ڕێژەی ئەو 10/5 لە سەد لە شار و 11 لە سەد لە گوندەکانە کە هەشیمەتی ژێر هێلی هەژاری تەواو لە شارەکان ژوار میلیون و هەفت سەد و سی و نۆ هەزار نەفەر و هەشیمەتی ژێر هێلی هەژاری تەواو لە گوندەکان دوو میلیون شەش سەد و دە هەزار نەفەرە . >> ئەم کەسە ئاوا درێژە بە قسەکانی دەدات : >> بە گشتی دا نزیك بە هەفت میلیون و سێ سەد و سێ هەزار کەس لە ژێر هێلی هەژاری تەواو لە وڵاتدا دەژین کە بە لە بەرچاوگرتنی هەشیمەتی ژێر هێلی هەژاری زۆری شاری و گوندنشین نۆ میلیون و دوو سەد و چل و دوو هەزار و هەفت سەد کەس لە وڵاتدا لە ژێر هێلی هەژاری زۆر و بە تەواویدا دەژین . >> ئەگەر ڕادەی مەوادی خوراکی دابین کراو بۆ هەر کەس لە ڕۆژدا بە پێ پێوانەی خوراك نزیك بە دوو هەزار و سەد کیلو کالوری لە بەرچاو بگرین ، بە پێ سەرژمێریەکان کە لە لایەن کۆمەڵناسان ئەنجام دراوە و بە پێ ڕاپورتەکان و گۆرینی ژمارەی هەشیمەت ، بارودۆخی ئابووری و قەیرانی مەوجود لە وڵاتدا وا دیارە کە نزیك بە 12000000 کەس لە وڵاتدا لە ژێر هێلی هەژاری زۆر و بە تەواوی بژین . لە بەر ئەوەی کە سەرژمێریەکانی لەساڵی ڕابردوودا ئەنجام دراون . >> و بەرنگار بوونەوە لە گەڵ ئەم وەزعیەتە یەکێکی تر لە گرێنگترین چالشەکانی چینی کرێکاری ئێران دەژمێردرێ . ئەو کرێکارانەی کە لە باشترین حالەتدا قەرار وایە سێ لە چواری هەزینەی ژیانی خۆیان لە دەرەوەی کاری رەسمی خۆیان دابین بکەن بە شێوەیێکی ئەساسی جگە لە بزووتنەوەکانی خۆبەخۆیی و هەستان بە دژی ئەم پەیوەندیانە دەرفەتێك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و ڕێکخستنی خۆیان بۆیان نامینێ . 1- بەڵام لە باری سیاسی ، کرێکاران وەك چینێك لە ئێراندا ، بە گشتی و بە تایبەتی لە بەشداریکردنی سیاسی لە کاروباری کۆمەڵگادا سیاسی هەنگاوێك هەڵگرن . بەو مانایە کە کرێکاران وەك چینێکی گەورەی کۆمەڵایەتی سەرەرای بەرخوردار بوون لە بێ بەشیەکانی ئابووری کە ئاماژەمان پێ کرد ، لە گۆرەپانی سیاسیشدا رووبەرووی چالشێکی گەورەیە . لە مێشکی کەس ناگونجێ کە چینێکی کۆمەڵایەتی بە بێ بەهرەمەند بوون لە مافی بەشدایکردنی سیاسی لە کۆمەڵگادا بتوانێ دیفاع لە مافی سینفی و ژیانی خۆی بکات . مەگەر ئەمەی کە ئاڵوگۆرێك لەم مەسەڵەیە بە وجود بیچت و هاوسەنگیەك دروست بێت و ئەمەش گۆرەپانێکی زۆر گرێنگ و چالشێکی حەیاتیە لە سەر ڕێگای چینی کرێکاری ئێراندا .

(بەشی دووهەم لە شمارەی داهاتوو )

ئێمە فیدائیانی کۆمۆنیست چ لە ناوخۆی ڕێکخراو و چ لە دەرەوەی ئەو، هەموو کات لە سەر ئەم باسە گشتیە پێ داگر بووین کە چۆن دەتوانرێت چوارچێوەی حیزب، بەرنامە و پەیڕەوی ناوخو، شێوەی کار، ئیستراتیژیەت و ... لەگەڵ یەك هەڵسنگاندنی ڕەخنەگرانە لە رابردووی سەختی و شکست و سەرکەوتنەکان , بزاڤی کرێکاری و خەباتی چینایەتی سەر لە نوێ ڕیك بخەێن، لە سەر ئەم ئەساسە ئاوڕدانەوە لە رابردوو وەك چرای ڕێگای داهاتوو. بۆ ڕاست بوون و بە ئاکام گەیشتنی هەر پروگرام و هەنگاوێك بە پێویست دەزانین.

# بەرز و بەرێز بێت 38ەمین ساڵیادی ڕەستاخیزی سیاکەڵ

له رۆژی 19ی ڕێبەندانی ساڵی 1349 ی هەتاوی دا بە ئاگری چەکی چریکی فیدایی بلیسەی ئاگری رەستاخیز سیاکەڵ لە قوولایی دارستانەکانی سیاکەڵ لە باکووری ولاتی لە زنجیری ئێران هەڵگیسرا و پاسگای ژاندارمری سیاکەڵ لە ئاگری رەق و کینەی شۆڕشگێرانی کۆمۆنیستی فیدایی سووتینرا . ڕێز ڵینان لەم رۆژە و لەم کردووەیە لە باری تەنیا ڕێز لینان لەو کردووەیە تەنانەت دەتوانێ هەستی هەر ئینسانێکی وەزاڵ هاتوو لە زوڵم و ستەمی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بێت بەڵام ئەگەر مەبەست و ئامانجی گروپێکی بچووک لە شۆڕشگێرانی کۆمونیستی فیدایی لەم کردووەیە دا لێک بدەینەوە ئەو کات تێدەگەین کە ئەسڵی مارکسیزم - لینینیزم شۆڕشگێرانە واتە هیچ کردەوەیێکی شۆڕشگێرانە بەبێ دارشتنی تیئوری شۆڕشگیرانە ناکرێ چەندە بە هێزەوە دەتوانێ سەرهەڵدانێکی وای بکات بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە پاش 8 سال بە سەر تێپەر بوونی واتە لە 22ی ڕێبەندانی 1357ی هەتاوی دوورگەی ئەمن و ئاسایشی ئیمپریالیزم و پێگەی ناخۆیی ئەو بهەژێنێ. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕاستیە کە



چەپ بوو و سنوور دانانێک بوو لەگەڵ بێکردەوەیی ریفورمیستی - رویزیونیستی زاڵ بە سەر بەرواڵەت چەپی ئەو کات کە حیزبی توودە و جەریاناتێک لەو دەستەدا , ئەو کات فەرق و جیاوازی حەماسە و داستان لەگەڵ رەستاخیزی بە باشی بۆمان دەر دەکەوێ. چریکی فیدایی لە سەر دەمی زاڵ بوونی بی دەنگی, بێ کردەوەیی , خەیانەت و پەرە پێدانی مارکسیزمی ویترینی لە لیەن جەریانات و ئەحزابی بەرادەری یەکێتی سۆڤیەت ئالای خەباتی راستەقینە و شۆڕشگێرانەی کۆمەلایەتی لە سەر ئەساسی مارکسیزم - لینینیزمی شۆڕشگێرانی بەرز کردووە و بە ناسینی وردو لێکدانەوەی هەڵو مەرجی ئەکات توانی تەحلیلی دیاریکراو بو کردەوی دیاریکراو و شۆڕشگیرانە بەجێ بهێنێ. ریفورمیسمی حیزبی توودە و جەریاناتی بێکردەوەی ئەو کات پاش کودتای 28ی گەلاوێژی ساڵی 1332 و پاشەکشەی بورژوازی میللی بە رێبەرایەتی بەرەی میللی و شەخسی دوکتور موسەدق و لە ناو چوونی بورژوازی میللی وەک چینێک لە رەوتی ریفورمەکانی ئەرزی ساڵی 1342ی هەتاوی و بەهێزبوون و دەسەڵاتداریەتی . ..

بورژوازی کمپرادور هەر چەشنە کردەوەیێک کە بەپیچەوانەی خواستی تەسلیم خوازی ئەوان بوایە مەحکوم بەشکست دەزانی و تەحلیلیان لەم چەشنە کردەوانە ئەو بوو کە جیا لە توودەی خەڵکە و یارمەتی ناداتە ڕێگا و پەرەساندنی غەیری سەرمایەداری و پیویستە لە ریگای ئاشتیخوازانە و پارلمانتاریزم کیشە کۆمەلایەتیەکان چارەسەر بکرێ . فیدایی گەڵ بە لیکدانەوەی ئەم هەڵو مەرجەدا ە بە ئیلهام وەرگرتن لە شۆرشەکانی سەرکەوتووی ئەمریکای لاتین تیک شکاندنی کەش و هەوای ترس و توقاندنی دەسەڵاتی سەر بە ئیمپریالیزمی وەک چەکی کاریگەر بۆ پەیوندی گرتن لە گەڵ کومەڵانی خەلک کە دیلی دام و دەزگای سەرکوتی سەرمایەداری شای ئێران بوون هەڵبژاری و پاش شکستی نیزامی کردەوەی سیاکەڵ و شەهید بوونی چریکە فیدائیەکانی بەشدار لەم کردەوەیە پەرەساندنی بزووتنەوەی فیدایی لە پاش کردەوەی سیاکەل راستی فیکر و بیری چریکی فیدایی لە دارشتنی تیئوری شۆرشگێرانە و سنوور دانانی بە کردەوە لە گەڵ تەسلیم خوازی و ریفورمیسمی زاڵ بە سەر چەپی ئەوکات بە باشی بۆمان دەر دەکەوێ .ڕەوتی چەپی شۆرشگێر پاش رەستاخیزی سیاکڵ توانی پەیوندی بکاتە شوینی کار و ژیانی خەڵک و سنووری سەرکوت و زیندان و ئەشکنجە ببەزێنێ و بە کردەوە لە کاریگەری ماشینی سەکەوتی رێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردەگی ئیمپریالیزمی ئەمریکا کەم بکاتەوە و زەمینەی شۆرشی مەزنی کۆمەلایەتی خۆش بکاتەوە . چ کەسێک دەتوانی ئینکاری ئەم راستیە بکات کە بەبوونی سەدان جەریانی وردو گەورەی تەسلیم خوازی بەرواڵەت چەپی ئەو کات بزووتنەوەی چەپی شۆرشگێر بە رێبەرایەتی رێکخراوی چریکە فیدائیەکانی گەڵی ئێران شۆرشی کۆمەڵانی خەڵک بە سەر دەستپێکردنی لە ساڵی 1349ی هەتاوی ببێتە گەوروترین جەریانی چەپی رۆژهەلاتی ناوەراست. و تەنیا ئەو کەسانەی دەتوانن ئینکاری ئەم راستیە بکەن کە یان راستەوخو رەق و کینەی فیدایی لە دلیان هەبێ و بە ئاشکرا هێرش بکەن سەر ئەم جەریانە و یان ئەوانەی کە تەنیا وەک جەماسە و داستانێک تەماشایئەم رووداوە گرێنگە و مێژووئیە بکەن و لە سەر دلسۆزی فرمیسکی تەمساح بو شەهیدانی ئەم رووداو برژنێن و لە کۆتایی دا پاش رژاندنی فرمیسکەکانیان خەریکی ئەم پروپاگەندە بن کە هەرچەند کردەوەیێکی قارەمانانە بوو بەڵام شکستی هیچنا و تەنیا قارەمانەتی بوو و بەس !! نە بوایە ئەوان دیلی هەستی شۆرشگێرانە بووایان و پیویست بوو وەک ئەوان لە چەنبەرەی خەیالاتی شورا بوون لە سەر شەپۆلەکانی شۆرشی گەلانی راپەریو خەریکی دارشتنی تیئوری بن تاکو هەڵو مەرجی پیویست خۆ بە خۆ بخولقێت و ئەوکات ئەوان تیئوریەکانی بە نرخی !! خۆیان لە کتیبەکانی چەند کیلویی و بە بەرگی جوان و بە نرخ پیشکەشی ناو بازار و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش بکەن . چریکی فیدایی بە تەحلیلی دیاریکراو لە هەڵو مەرجی دیاریکراو دەستی دایە چەک و رەستاخیزی سیاکەڵ وەک دەستپێکردنی شۆرشی چەکداری شۆرشگێرانە هەموو دەسەڵاتی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی کردە ئامانجی خۆی تاکو کۆمەڵانی خەڵک لەم راستیە تێ بگەن کە دەبێ دەسەڵاتی سەرکوت و چەساندنەوە بە مانگرتنی گشتی و راپەرینی گشتی و چەکدارانە برووخێنن . رەستاخیزی سیاکەڵ نەک کردەوەیێک بێت تەنیا بۆ ئەوەی وەک کردەوەیێک خۆی بە خەڵڵک بناسینێ و ئەسیری پراگماتیسم بێت بەلکو کردەوەیێک بۆ لە سەر ئەساسی ناسینی وردو دەقیق هەڵومەرجی سیاسی - ئابووری و کومەڵایەتی پاش ریفورمەکانی ئەرزی ساڵی 1349ی هەتاوی . پیویستی میژوویی بوو بۆ وەلامدانەوەی پرسیارەکانی خەباتی چینایەتی . هەر بۆیە لە باری سیاسی سەرکەوتوو بوو و توانێ وەک کردەوەیکی شۆرشگێرانەی مارکسیتی - لینینیستی پاش 38 ساڵ بە سەر تێپەر بوونی وەک چرای رێگای پویندەگانی مارکسیزم - لینینیزمی شۆرشگێرانە بدرەوشێتەوە و لە بیرو خاتری هەزاران و ملیونەها خەڵکی چەساوە زیندوو بمیچنیتەوە .ناوی شەهیدانی فیدایی سیاکەڵ نەک وەک قارەمانی شەری چەکداری بەڵکو وەک قارەمانانی خەباتی چینایەتی لە مێژوودا تۆمار کراون . سیاکەڵ بە کورتی دا سنوریکی قاتع و شۆرشگێرانە بوو لە گەڵ ریفورمیسم , تەسلیم خوازی رویزیونیسم و پراگماتیسم. با لە بیرەوەری رەستاخیزی سیاکەڵ وەبیری تەسلیم خوازان بهینینەوە کە : هەلوەکان هێندێک کات تاکو ئاستی مریشکەکانی ناو ماڵان لە فرین نزم دەبنەوە , بەڵام مریشکانی ناو ماڵان هیچ کات ناتوانن بە بەرزایی هەلوەکان بفرن .

# دەبێ وەك خەزەر خرۆشان بین



29ڕێبەندانی ساڵی 1352ی هەتاوی دڵی پڕ لە عەشق و وەفای خسرەو گولسورخی و هاوخەباتگێری ئەو کەرامەتوڵلا دانەشیان بووە ئامانجی گوللەکانی ئینسان کوژانی ڕێژیمی شا . شا وەك هەموو دیکتاتۆرەکانیتر پێ وا بوو کە بە کوشتنی خاوەن بیران و خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی و بەرابەری , دەردەکانی دەسەڵاتی نگریسی دەرمان دەبێ .دیفاعی ئازایانەی خسرەو گولسورخی و کەرامەتوڵلا دانەشیان و هاورێیانیتری ئەوان لە بێدادگاکانی بەڕواڵەتی شا و پاشان ئیعدامی ئەوان , سەرەرای خەمێك کە خستە ناو دڵ و گیانی عاشقانی ئازادی و فرمێسکی زۆری بە دوور لە چاوەکانی بەکرێگیراوانی ساواك , لە چاوانی مرۆڤەکانی بە شەرەف و عاشق وەرێ خست , خۆی بە بووە بریسکەیەك بە سەر ئاگری شارەاوە لە ناو دڵی هەزاران و ملیونەها مرۆڤی ئێرانی کە لە خەفەخانی ڕەشی ئەو ساڵانەدا ئارەزووی هەناسەکێشان لە هەوایکی خاوێنیان بوو . بەڵێ , هەروا کە خسرەو گولسورخی خۆی گوتی . . . دەبێ کە وەك خەزەر خرۆشان بین , خەڵك گوێیان لە هاورێ گولسورخی ڕاگرت و وەك خەزەر خرۆشین . رۆژی 29ی ڕێبەندانی 1352ی هەتاوی گوللەباران کردنی گولسورخی و کەرامەتوڵلا دانەشیان بەرانبەرە لە گەڵ فرینی تاکو سەرەوەی ئاسمانی دووبارەی ئەوان و بەناوبانگ بوونیان . و هەرجار بیستنی ناوی ئەوان هێز و توانایکی بۆ دڵ و قەڵبی مرۆڤ بوو , بۆ عاشقانی ئازادی و بەرابەری بوو . ئەوان ئەشکنجەگاکانی ڕێژیمی شایان سەربەرزانە گرت و بێدادگاکانی نیزامی شایان کردە سەنگەرێك تاکو لە پشتەوەی ئەو بەرەو سینگی بەکرێگیراوانی دوژمنی گەل تەقە بکەن .وەصیەتنامەی کەرامەتوڵلا دانەشیان

« خەڵکی ستەم لێکراوی ئێران هەمشیە زۆر لە رۆڵەکانی گیان لەسەر دەستی خۆی لە ڕێگای خەبات لە دەس داوە . ئەمە مەرجی هەر خەبات و بزووتنەوەیەکە . لە خۆبردووئیەکان , گیان فیداکردنەکان , و خۆراگریەکان پشتی دوژمن دەشکێنێ. و ئەمە خاوترین خەیاڵە کە بەردەوام رۆڵەکانی خەڵك بە هۆی هەستانی شۆرشگێرانە بکوژرێن . بزووتنەوەی هەڵدەستێتەوە , هەموو لایەنە دەبێتەوە و کرێکاران , جووتیاران و توێژەکانی ژێرستەم , خاوەن ژیانی نوێ و بەختەوەر دەبن .مەرگ , بچووکترین دیاری ئێمە بۆ سەرکەوتنی خەڵکە . هەر مەرگێك پەنچەرەیەکە کە بە سەر نکبەت و تاریکی دادەخرێ . و هەر مەرگێك پەنجەریەکی لە نهێنیەکانە کە بە سەر درۆ , خراپەکاری , هەژاری و برسیەتی دادەخرێ . و ئەو کاتە پەنچەریەك دەکرێتەوە کە لەوێدا رووناکی ژیان بێتە ژوورەوە .گیانی خۆمان بەم رووناکیە بدەین , بەم رووناکیە . »

فیدایی خەڵك , کەرامەتوڵلا دانەشیان ی ڕێبەندانی ساڵی 1352ی هەتاوی

« یادیان بەرێز و ڕێگایان پڕ لە ڕێبوار »

## خون لاله ها

گل های وحشی جنگل
اینک به جست و جوی خون
شهیدان نشسته اند
جنگل
کجاست جای قطره های خون شهیدان ؟
ایا
امسال خواهد شکفت این لاله های
خون ؟
ایا پرندگان مهاجر
امسال
با بالهای خونین
آن سوی سرزمین گرفتاران
آواز می دهند ... ؟
ایا کنون
نام شهیدان شرقی ما را
آن سوی مرزها
تکرار می کنند ؟
امسال
جای پایشان
بارانی از ستاره خواهد ریخت ؟
امسال
سال دست های جوان است
بر ماشه های مسلسل
امسال
سال شکفتن عدالت مردم
امسال
سال مرگ دشمنان و هرزه درایان
امسال
دست های تازه تری شلیک می کنند
جنگل
پیراهن محافظ در ستیز خلق
باران بی امان شمالی
اگر بشوید خون
خون مبارزان
این لاله های شکفته
در رنج و اشک ها
در برگ های سبز تو هر سال
زنده است
آوازهای خونین
امسال زمزمه ی ماست
اما
در چشم ما
نه ترس و نه گریه
خشم بزرگ خلق
در هر نگاه سکت ما
شعله می کشد

خسرو گلسرخی

# به بۆنەی دووی ڕێبەندان ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری خودموختاری کوردستان

دووی ڕێبەندان بەرانبەرە لە گەڵ 62 مین ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری خودموختاری کوردستان , لە ئاوا ڕۆژێکی مێژوویی‌دا بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورد دەوڵەتێکی میللی دەسەلاتی بە دەستەوە گرت و ئارەزووە دێرینەکانی گەلی کورد هاتە دی . ئەگەر چی تەمەنی ئەم کۆمارە زۆر کورت بوو , بەلام یادی شکۆداری ئەو لە مێژووی خەباتی گەلی کورد زیندوو ماوەتەوە . کۆماری خودموختاری کوردستان کە باکوور و هندیک لە ناوچەکانی ناوەندی کوردستان بە دەستەوەی بوو , سەرەرای جێ بە جێ کردنی هەندێک کردەوەی دیموکراتیک وەک فێرکردن بە زمانی کوردی , ئازادی ڕاگەیاندنی بیر و ڕا و بلاو کردنی بلاوکراوە و کتێب بە زمانی کوردی , دانی مافی دەنگدان بە شیوەیکی یەکسان بۆ ژنان , چەکدار کردنی گشتی و پێک هێنانی هێزی "پێشمەرگە" بۆ پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەت و پاراستنی کۆمار و . . . نەیتوانی پەر بە دەسەلاتی خۆی بە سەر هەمووکوردستان بدات و کۆمەلانی زەحمەتکێشی گەلی کورد لە دەوروبەری کردەوەکانی ئەساسی وەک چارەسەری گرفتی زەوی و گۆڕینی پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی داسەپاو , کۆ بکاتەوە و سەنگەرێکی قایم بۆ دیفاع لە کۆمار دروست بکات . کۆماری خودموختار لە هەمان سنووری چالاکی خۆی ئاوا کردەوانەی لە مەودای دامەزرانی بۆ پاراستن و بەردەوامی کۆمار جێ بە جێ نەکرد . کۆماری کوردستان ئەگەر چی لە سەرەتاوە توانی بەرپەرچی هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کۆمار بداتەوە و جێ پێ خۆی قایم بکات و دەوڵەتی مەرکەزی مەجبوور بە قبووڵ کردنی زۆربەی داواکاریەکانی خۆی و گرێنگتر لە هەموویان دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان بکات , بەلام نەیتوانی بە کردەوە جێ پێی ئەم کۆمارە قایم بکات و لە بەرانبەر پیلانگێریەکانی دەوڵەتی مەرکەزی ئامادە بوونی پێویست بۆ هێرشەکانی دوایی ئەوە , پێک بێنێ . بۆیە دەسەلاتی دواکەوتووی مەرکەزی سەرەرای پاشەکشەی سەرەتایی , هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی بە کار هێنا تاکو هێرشێکی بەربلاوتر بۆ سەرکوتی کۆماری خودموختاری کوردستان وەرێ بخات . بەلام کۆماری کوردستان لە هەل و مەرجێکی دیاریکراو لە هاوسەنگی نێوان هێزەکان لە سەرانسەری ئێران ڕاگەیاندرا . هەل و مەرجێک کە لەوێدا هاوسەنگی هێزەکان بە شێوەیکی تەواو بە قازانجی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بوو , هۆکارەکانی عەینی ناوخۆیی و زەمینەی لە باری نێونەتەوەیی هەموو و هەموو کاریگەریان بوو لە سەر سەرکەوتنی کۆمار . بزووتنەوەیێک کە بووە هوێ دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان , لە سەر زەمینەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکانی سەرانسەری ئێران پاش ڕووخانی دیکتاتۆری ڕەزا شا , پێک هات . بە دوای خەرمانانی ساڵی 1320ی هەتاوی و هاوکات لە گەڵ هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ وڵاتی ئێران, بناغەی دیکتاتۆری دواکەوتوو بوروکراتیکی دەسەڵاتدار هەڵوەشا , کەش و هەوایێکی نیوە دیموکراتیک پێک هات , بزووتنەوەی خەڵکی بە هێز بوو , ئەحزاب وریکخراوەکانی پێشکەوتوو و شۆڕشگێر لە سەرانسەری ئێران دامەزران و لە ناو نەتەوەکانی ژێر ستەم کە زۆرترین زەخت و گۆشاری دیکتاتۆری ڕەزا شا لە سەر شانی ئەوان بوو بززوتنەوەکانی میللی سەرێ هەڵدا و کۆمەلانی بەربلاوی خەڵک لە دەوروبەری ئەحزاب و ڕەوتەکانی میللی کۆ بوون , کە گرێنگترینی ئەوان بزووتنەوەی میللی لە ئازەربایجان و کوردستان بوو کە لە هەر دووی ئەم ناوچانە پەرەساندنی ئەم بزووتنەوانە بووە هوێ دامەزراندنی کۆماری خودموختار .

شوێنەکانی ئێران ڕووی دەدا ، بەڵام لە ئازەربایجان و کوردستان لە ئاستێکی بەرزتر و بەربڵاوتر بوو . زۆربەی ژەنراڵەکانی دیکتاتۆری داسەپاو بەرز بوونی پلەی خۆیان بە هویٔ سەرکوتی نەتەوەکانی ژێر ستەم وەک لە ئازەربایجان و کوردستان بە دەس هێنا بوون . سەرەرای ئەمە ، بوونی پەیوەندیەکانی ڕزیوی دەرەبەگایەتی _ عەشیرەیی لە کوردستان و پاشکەوتنی کۆمەڵایەتی _ ئابووری ئەم ناوچەیە ، و پەرەپێدانی ئەم پاشکەوتنە لە لایەن دواکەوتووی دەسەڵاتدار و پاڵپشتی ئەون بە بەشێک لە کۆنە پەرەستانی خەڵکی ناوچەکە ، بۆ پاراستنی ئەم بارودۆخە ,هەموو هەمووی زەمینەکانی مادی بوون کە لە هەل و مەرجی پەرەساندنی بزووتنەوەی گشتی ، لە ڕاپەرینی گشتی و یەک دەستی کۆمەلانی خەڵکی کورد خۆی وە دەر دەخست . بەڵام چەوساندنەوەی میللی سەرپۆشێک بە سەر دژایەتیەکانی کۆمەڵایەتی قووڵ و نا لەباریەکانی داسەپاو بە سەر بارودۆخی ئابووری _ کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەو کاتەی کوردستان بوو . بۆیە بزووتنەوەی میللی ساڵەکانی 24 _ 25ی هەتاوی لە کوردستان سەرەرای ئەوەی کە توانی بیێتە هویٔ دامەزراندنی دەوڵەتی میللی و لە هەموو هۆکارەکانی کاریگەر لەم زەمینەیە کەڵک وەرگریٔ ، بەڵام بە لە بەر چاو نەگرتنی ئەم ڕاستیە هیچ کات نەیتوانی کردەوەکانی ئەساسی بۆ سەقامگیری سەرکەوتن و بەردەوام بوونی لە داهاتوو بە ئەنجام بگەیێنیٔ ,گرێگترین لایەنی ئەم لاوازیە خۆی لە بیٔ دەسەڵاتی بە وەڵامدانەوەی ئەم کۆمارە بە ئەساسیترین گرفتی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لەو کاتەدا واتە بابەت و گرفتی زەوی نیشان دا . چ پیکهاتی ڕێبەری ئەم کۆمارە , چ کردەوەکانی ئەو لە مەودای ژیانی خۆی , نیشانی دا کە کۆمار ناتوانی ئەم کارە جیٔ بە جیٔ بکات . ئەم بابەتە کاریگەری ڕاستەوخۆی بوو لە سەر کۆ کردن و ڕێکخستنی کۆمەلانی خەڵک بۆ پاراستنی کۆمار و درێژەدان بە تەمەنی ئەو . ڕێبەرانی کۆمار نەیانتوانی کۆمەلانی زەحمەتکێشی کورد بە وەڵامدانەوە بە داخوازیەکانی دیاریکراویان ڕێک بخەن . هەر بۆیە نەیانتوانی سەرەرای هەندێک کردەوە , لە مەودای تەمەنی کۆمار , هەنگاوێکی کاریگەر بۆ سەقامگیری ئەو هەڵگرن و پەرە بە سنووری دەسەلاتی خۆیان بدەن , چۆنکە سەقامگیری کۆمار لە گیرەوی پاڵپشتی هەر چی زۆرتر بە کۆمەلانی چەکدار و ڕێک خراو بوو . کارێک کە بە کردەوە بە هویٔ پێکهاتی چینایەتی ڕێبەرانی کۆمار نەیانتوانی جیٔ بە جێی بکەن . بۆیە نەیانتوانی ناوچەکانیتر لە ژێر ئالای کۆمار یەکگرتوو بکەن و شەری جیددی و هەموو لایەنە بۆ سەقامگیری دەسکەوتەکانی کۆمار بکەن . کۆماری خودموختار بە بیٔ دەسەڵاتی خۆی لە گۆرینی پەیوەندیەکانی داسەپاو بە سەر کۆمەڵگای کوردستان و بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەکانی دیمۆکراتیکی ئەساسی لە بواری کۆمەڵایەتی , لە بواری سیاسیش نەیتوانی لە ڕێک کردنی پەیوەندیەکانی خۆی لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی خاوەن هێزێکی باش بێت و پیلانگێریەکانی یەک بە دوای یەکی حکومەتی مەرکەزی بەرپەرچ بداتەوە . کۆماری کوردستان بۆ پێک هێنانی بەرەیێکی سەرانسەری بەشداری چالاکانەی کرد و لەم بوارەدا سەرەرای هەندێک ڕێککەوتن لی گەڵ کۆماری خودموختاری ئازەربایجان لە گەڵ هەندێکیتر لە هێزەکانی دیمۆکرات و شۆڕشگێری سەرانسەری ئێران وت و وێژی کرد .

بەڵام ئەم بەرە سیاسیە نەیتوانی کردەوەکانی گرێنگ بۆ گۆرینی هاوسەنگی لە سەرانسەری ئێران بە ئەنجام بگەیێنی . بە تایبەت بە ای سات و سەودا و سازشی حیزبی توودە لە گەڵ قەواموسلەڵتەنە سەروک وەزیرانی ئەو کات و بەشداری لە دەوڵەتی دواکەوتوویی , ئەم بەرەیە بیٔ ئاکام مایەوە .

بە هاتنی حیزبی توودە بۆ ناو دەوڵەت , ئەم حیزبە بە کردەوە لە هەر چەشنە دیفاع کردن لە مافی دیاریکردنی چارە نووسی نەتەوەکانی ژێر ستەم , چاو پۆشی کرد و نەک تەنیا بۆ پیٔ ڕاگەیاندنی ئامانجەکانی شۆڕشگێرانەی کۆماری خودموختار نەیتوانی هەنگاو هەڵگریٔ , بەڵکو بە سازش و کوشتنی کات , هەر چی زۆرتر مەجاڵ و زەمینەی بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی میللی لە ئازەربایجان و کوردستان لە لایەن حکومەتی مەرکەزی فەراهەم دەکرد و بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیی دەدا . هەر چەند ئەم حیزبە

# بەرز و بەرێز بێت یادی چوار ئەستێرەی سووری خەباتی خەڵکی تورکمەن و شەهیدانی ڕێکخراو لە مانگی ڕیبەندان



## بە بۆنەی دووی ڕێبەندان ...

حیزبە لە نیوە ڕێی سازش و پاش گۆرینی هاوسەنگی بە قازانجی دواکەوتوویی لە دەوڵەتی قەوام وە دەر خرا , بەڵام ئەم سازشەی حیزبی توودە بووە هوێ لاوازی ئەساسی کۆمارە خودموختارەکان واتە پاڵپشتی یەك لایەنەی ئەوان بە بابەتی میللی و لە بەر چاو نەگرتنی ئەساسی‌ترین بابەتەکان کە بووە هوێ پێکهاتنی بزووتنەوەکان , و گۆرینی هندێک هۆکاری کاریگەری نیونەتەوەیی کاریگەری خۆی لە سەر مان و نەمانی کۆمارەکان بە جێ هێشت . کۆماری خودموختاری کوردستان لە ڕۆژی 24ی سەرماوەزی ساڵی 1325ی هەتاوی بە بێ بەرگرێکی بەرچاو و بە هاتنی ئەرتشی دواکەوتوویی بۆ ناو شاری مەهاباد رووخا و ڕێبەرانی ئەو پاش دەسگیری ئیعدام کران . ئەگەر چی تەمەنی کۆمار کەم بوو , بەڵام ئەزموونە پڕ لە بایەخەکانی کە لە خۆیەوە بە جێ هێشتووە وەك ئزموونێکی پڕ بایەخ لە ژیانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد , خاوەن جێگا و شوێنێکی تایبەتی لە مێژووی خەباتی گەلی کوردە . ئەگەر چی یەکەمین کۆماری خودموختاری کوردستان لە ژێر پۆتینی هێزەکانی سەرکوتگەری دواکەوتوویی داسەپاو و سەرکوتگەران رووخا بەلام ئارمانەکانی گەلی کورد و خەبات بۆ وەدی هاتنیان زیندوو مایەوە.

سوسیالیزم ژیانێکی جیهانی بەرەسمی دەناسێت کە لەوێدا سنوورەکان مانایکییان نیە.

ئیمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان وەك کۆمەڵگای ئینسانین، بەڵام نە لە ڕێگای زۆرو ستەم، بەڵکو لەسەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازاد.

کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئیران کە لەیەکگرتنی دڵ خوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکان، نەتەوەکان و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان پێک دێت، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان تاکو سەربەخۆییان، بەرەسمی دەناسێت.

# شکۆدار بێت یادی ڕاپەرینی مەزنی ڕێبەندانی 1357

سیهەمین ساڵرۆژی ڕاپەرینی ڕێبەندان وەک گرینگترین و بەرچاوترین خاڵی دەس پێ کردنی شۆڕشی گەلی ئێران , تێ پەڕ دەکەین . ڕاپەرینێکی شکۆدار کە بێ گۆمان ئیلهام وەر گرتوو و ئاکامی حەتمی خەباتێکی نوێ لە ئاستی بزووتنەوەی نوێی کۆمەلایەتی ئێران واتە بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی لە 19ی ڕێبەندانی 1349 و هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر نیمادەکانی سەرکوت و کینەی دژی شۆڕش لە لایەن هێزی شۆڕشگێر بوو کە ئەم جارە لە لایەن هێزی میلیونی کۆمەلانی خەڵک جێ بە جێ کرا . بیست و چوار ساڵ لەمەو بەر لە 22ی ڕێبەندانی 1357 کۆمەلانی خەڵکی چەوساوە لە ڕەوتی ڕاپەرینێکی گشتی و لە بەرزترین شێوازی ئەو , واتە ڕاپەرینی چەکدارانەی خەڵکی , بە دروست کردنی باریگاد لە شەقامەکان و هێرش بۆ سەر ئۆرگان و نیمادەکانی سەرکوت و پارێزەری سیستەمی داسەپاو و تێک شکاندنی هێز و توانای ئەوان , ئیرادەی پتەوی خۆیان بە مەبەستی پێک هێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بواری کۆمەلایەتی – سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا نیشان دان . ڕاپەرینی 57 بێ گۆمان شکۆدارترین ڕووداوی شۆڕشی ئێرانە , و ئامانجەکانی شۆڕشگێرانەی کە گرێنگترین خاڵەکانی دەس پێ کردنی ئەو بوو , هێشتا مەزنترین ئامانجەکانی خەباتی کۆمەلانی چەوساوەی وڵاتی ئێمەیە .

بیست و پنج ساڵ لەمەو بەر کاتێک کۆمەلانی وە زاڵ هاتوو لە ستەم و چەوسانەوەی سیستەمی سەرمایەداری و ڕێژیمی پاشایەتی لایەنگری ئەو , بۆ وەدی هێنانی ویست و ئارەزووەکانیان , ڕاپەرین . بەو هیوایە لاپەرەیێکی خوێناوی لە مێژووی خەباتیان هەڵدانەوە کە تێ دەکۆشان تاکو چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان دیاری بکەن , ئامانج و ئارەزووەکانیان وەدی بێت , هەژاری و نکبەت و چارە ڕەشی سێبەری ڕەشی خۆی لە سەر ژیانیان هەڵگرێ , بەشداری ڕاستەوخۆ بکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا , و لە یەک ووتەدا موژدە دەری ژیانێکی نوێ و بە دوور لە هەر چەشنە ڕەنج و دەردێکی



سەرچاوە گرتوو لە پەیوەندیەکانی زاڵمانەی داسەپاو بە سەر وڵاتمان بێت . بلام نەک تەنیا ئەم کارە بە ئەنجام نەگەیشت , بەڵکو ئەم جارە دەسەلاتی سەرمایەداران بە سەر خانێکی سیاسی دواکەوتووتر و وەحشیانەتر لە ڕێژیمی پێشوو , و لە سەر ئەساسی وەلایەتی فەقیح ئەرکی ڕێژیمی پێش لە خۆی بۆ پاراستنی سەروەری و دەسەلاتی سەرمایە و سەرکوتی هەر چی زۆرتر بە ئەستوو گرت . ئاکامی ئاوا سات و سەودایێکی سیاسی شتێک جگە لە گرانی , قەیران , بێکاری و بێ خانوویی , هەژاری و نەداری , شەری ناعادلانەی هەشت ساڵە , گرتن و زندان و ئەشکنجە و ئیعدام و سەرکوتی دڕندانەی نەتەوەکانی ژێر ستەم لە لایێکەوە و پەروارتر بوونی سەرمایەداران و چینەکانی چەوسێنەر لە لایێکی دیکەوە , شتێکیتر نەبوو .

ڕاپەرینی ڕێبەندان لە هەل و مەرجی نەبوونی یەکیەتی و ڕێکخستنی چینی کرێکار و کۆمەلانی زەحمەتکێش, لە نەبوونی ڕێبەرایەتێکی شۆڕشگێر کە لە هەل و مەرجی ئێستادا تەنیا لە ڕێگای ڕێبەرایەتی ڕێک خراوی چینی کرێکار بە ئەنجام دەگات , لە نیوەی ڕێگادا ڕاوەستا و دەسەلاتی جێگیری دەسەلاتی پێشوو دروست لە بەرانبەر ئەو شتەی کە کۆمەلانی خەڵک بۆ ئەوە خەباتیان کردە بوو , هەنگاو هەڵگرت . هێرش بۆ سەر ئۆرگانەکانی دەزگای دەوڵەتی بورژوازی و ئامرازی پاراستنی دەسەلاتی سەرمایەداران و موفتەخورانیتری ناو کۆمەڵگای , ڕاگرت . و ڕۆژی دوایی ڕاپەرین هەوڵی دا تاکو ئەو زەبرانەی کە لە دەزگاکانی سەرکوت و چەوسانەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان کەوتە بوو چاک بکاتەوە . بۆیە ئۆرگانەکانیتر و

لە پاڵ ئۆرگانەکانی سەرکوتی پێشوو دامەزراند تاکو دەسکەوتەکانی ڕاپەرینی کۆمەڵانی خەڵک یەک بە دوای یەک سەرکوت بکات . هەر چەند خەباتی کۆمەڵانی چەوساوە بە مەبەستی پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەرین لە هێرشی دواکەوتوویی و دەزگاکانی سەرکوت تا ماوەیەکی زۆر لە ئاستێکی بەرز و لە هەندێک لە ناوچەکان لە بەرزترین ئاست و شێوازی خۆی ، درێژەی خایاند و ئیستایش لە شێوازەکانیتری خۆراگری و خەبات درێژەی هەیە . ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش ڕاپەرینینیشانی دا ,کاتێک چالاکی کۆمەڵانی خەڵک و خەباتی پڕ لە حەماسەی ئەوان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایکی نوێ و پێک هێنانی گۆرانکاری ئەساسی لە پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی بە ئاکام دەگات , کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ وە دەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆیان خەبات بکەن و ئەم ئەرکە جێ بە جێ بکەن . ئەگەر هێرشی دژی شۆڕش بۆ سەر ئۆرگانەکانی خەڵکی وەک شووراکانی کرێکاری و جووتیاری و هیتد . . . لە ڕێکخستن بەهرەمەند بوو لە بەرانبەردا بە هۆیّ نەبوونی ڕێبەری پرولەتاریا لە ڕەوتی ڕاپەرینی 57 کە نەیتوانی دەسەڵاتی سیاسی بداتە کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەریو , هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ پاراستنی ئۆرگانەکانی خەڵکی لە بەرانبەر هێرشی سەرکوتگەران بە هۆیّ نەبوونی ڕێکخستن , کورت خایەن بوو . و بەرەبەرە بزووتنەوەی خەڵکی لە بەرانبەر هێرشەکانی دژی شۆڕشی دەسەڵاتدار تووشی پاشەکشە و لاوازی بوو . گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان بە قازانجی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دژایەتیەکانی ناوخۆیی کۆمەڵگا , بوونی هەشت ساڵ شەری دواکەوتووانە و ناعادلانەی دژی خەڵکی لە گەڵ دەوڵەتی عێراق , ئەم ئیمکانەی بۆ ڕێژیم فەراهەم کرد تاکو سەرەرای پەرەسەندنی قەیرانەکانی تووندی ئابووری - سیاسی و کۆمەڵایەتی , گرفتەکانی ناوخۆیی کە تووشی بوو داپۆشێ و بە فریوکاری و بە لاریّ بردنی بیر و بۆچوونی گشتی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی بۆ لای بەرەکانی شەری دژی گەلی خۆی لە گەڵ عێراق , گۆرەپانەکانی نویّ بە مەبەستی هێرش بردنەوە سەری ماڵ و ژیانی کۆمەڵانی خەڵک و هەموو دەسکەوتەکانی خەباتی ئەوان , بۆ خۆی پێک بێنێ . مافەکانی دیموکراتیک پێشێل بکات و بە گرتن و ئەشکنجە و ئیعدامی بە کۆمەڵ و بە گوللە بەستنی خەڵک لە سەر شەقامەکان , هارترین و دڕندانەترین شێوەکانی سەرکوت دژی بزووتنەوەی خەڵکی بە کار بهێنێ . ئەمرۆکە سەرەرای سەرکوت و زەختی وەیحشیانەی دەسەلاتداران و ئۆرگانەکانی سەرکوتگەر نەک قەیرانی ناوخۆ کۆمەڵگا پەرەی ساندووە , بەڵکو بوونی قەیرانەکانی ئابووری , سیاسی , کۆمەڵایەتی وەک هۆکارەکانی عەینی پەرەسەندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی بڕیاری لە ناو چوونی حەتمی سیستەمی کۆن و ڕزیوی داوە . پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی نێوان باڵەکانی بەشدار لە دەسەلات بە دوای پەرەسەندنی قەیرانەکانی ناوخۆی کۆمەڵگا تا ئەو جێگایە کە هەر کام لە باڵەکان هەوڵی ئەوە بدەن تاکو کارامە بوونی خۆیان لە خزمەت کردن بە سەرمایەی ناوخۆیی و سەرمایەی جیهانی و پاراستنی ئەمنیەتی ئەوان بسەلمێنن و لە دەسەلاتدا ڕۆڵی زۆرتر ببینن , پشتیوانی ئاشکرا و نهێنی ئیمپریالیزمی جیهانی و بنیاتەکانی سەرمایەی جیهانی وەک بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو لە سیستەمی داسەپاو و بەستنی ڕێککەوتننامەکانی ئەسیر کەرەوە لە نێوان بنیاتەکان سەرمایەی جیهانی و ولاتانی ئیمپریالیستی و ڕێژیمی ئێران هەموو نیشانەکانی ترس و هەراسی سەرمایەیە لە پەرەسەندنی قەیران و بە مەبەستی کونترۆلی قەیران لانی کەم لەم کاتە ناسکەدا کە نارەزایەتی گشتی پەرەدەستێنی و بزووتنەوەی سەرانسەری خوێندکارانی زانکۆکان و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ڕەوتی بەرەو پێش چوونیان پێکەوە نێزیک و نێزیکتر دەبنەوە و بە بەرز کردنی دروشمەکانی هاوبەشی سیاسی خەباتی هاوبەشیان بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانیان بەرەو پێش دەبەن .

ئەزموونی ڕاپەرینی 57 نیشانمان دەدات کە گەیشتن بە دەسەڵاتی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش تەنیا بە ڕێکخستن بۆ دامەزراندنی ئاوا دەسەلاتێک مسۆگەر دەبێت . ئەمەیش مومکین نابێت جگە لە کار و چالاکی بەردەوام و ئامانج دار لە ڕێگای یەکیەتی ڕیزەکانی کۆمۆنیستەکان و پێک هێنانی تەنیا یەک ئیرادە لە ناو ڕیزەکانی ئەوان و دیاریکردنی لایەنی دیاریکراو بە کار و چالاکی ئەوان .

# بارودۆخی ناوچە چۆنە و ئالترناتیوی چەپ لە کوێ دایە ؟

پتر لە نـیـو سـەدەیـە کـە رۆژهـەڵاتـی ناوەراست کانونی قەیرانی نیودەوڵەتیـە و زۆر کێشەی وەک کیشەی نـەتـەوەکـان , دژایەتی کار و سەرمایە , دژایەتی گـەل و ئیمپریالـیـزم و ... چارەسـەر نـەکـراو ماوەنەتەوە . راستی ئەمەیە کە باش تێـک چوونی ئوردوگای سۆسیالیزم بە رێبەرایەتی یەکیتی سۆڤیەت و لاواز بوونـی شـۆرشـی فەلەسـتـیـن وەک نـەبـزی شـۆرش لـە روژهەڵاتی ناوەراستدا هێرشـە یـەک بـە دوای یەکەکانی ئیمپریالیزمی جـیـهـانـی و سەرمایە جیهانی بۆ سەر دەستکەوتەکـانـی شۆرش لە ناوچەکە بـە پـێ بـەرنـامـەی دیاریکراو دەستی پێ کردووەو و نەخشـەی جیهانی و دابەش کردنی بازاری سـەرمـایـە لەم ناوچەیە لە قالبی شەرە ناوچەئـیـەکـان پاش هێرش بۆ سەر ئەفغانستان و عـێـراق بە رەسمی لە لایەن هێزە ئیمپریالیستیەکان راگەیاندیاوە . بـیـانـوی هـەمـوو ئـەم هێرشانەش هەرەشە بۆ سەر ئەمـنـیـەتـی ناوخۆیی ولاتانی ئـیـمـپـریـالـیـسـت واتـە هەرەشە بۆ سەر سەرمایە جیهانیە . دیـارە کە سەرمایەی جیهانی بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی خوێ بە دابەش کردنی سـەر لە نویێ جیهان و بازار سەرمـایـەداری لـە شێوازەکانی جۆراوجۆر تێدەکـۆشـی تـاکـو سوودو قازانج زۆرتری بە دەس بێنێ و لەم رێگایەدا بە خولقاندنی کانونەکانی قەیـران و شەرِ جێ پێی خوێ لە نـاوچـە پـرِ لـە سوودەکان قایم تر بکات .

بەڵام رۆڵی حکومەتەکانی ناوچەکە وەک زنجیرەیچکی هەرچەند لاواز لە زنجیری سەرمایەداری جیهانی چیە و بە چ شیوازێک دەتوانن خزمەتی قازانج و بەرژەوەندی سەرمایە ی ناوخۆیی و جیهانی بکەن ؟ ئەمە باسێکە کە دەبێ سەرنجی پێ بدەیە تاکو بزانین قەیرانی سیاسی مێژوویی ناوچەکە تاکو ئێستا سەرچاوەکەی هەمان قەیرانی ئابووری سەرمایەی جیهانیە , لە بەر ئەوەی مە ئەسلی لینینیزمی شۆرشگێرانە فێرمانی کردووە کە شەرِ درێژەی سیاسەتە بەڵام لە شێوازێکی‌تر . حکومەتەکانی ناوچەکە لە بەر ئەوەی سیاسەتی دواکەوتووانەیان واتە خزمەتی سەرمایەداری جیهانی لە ئەستوودایە شەرِ و قەیرانی ئەوانیش لە ژێر هەر ناوێک دا بێت شەرِ و قەیرانی دواکەوتووانەیە و ناتوانێ لە خزمەتی پێشکەوتن و قازانج و بەرژەوەندی خەلکی ستەم لێکراو و بێ بەشی ئەم ولاتانە بێت . ئەگەر ئێستا کە ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردەگی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە لەشکرکیشی بۆ سەر ناوچەکە خۆی بە پارێزەری قازانجەکانی سەرمایەی جیهانی ناو دەبات تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەیە کە پیویستی هەیە بە سەر لە نوێ دابەش کردنی ئەرکەکانی حکومەتەکانی ناوچەکە وەک پارێزەرانی ناوچەیی سەرمایە کە ئەویش پیویستی هەیە بە سەر لە نوێ گۆرینی نەخشەی جوغرافیایی ناوچە واتە دابەش کردنی بازاری کالا لە نێوان ولاتانی مترووپول. دیارە بورژوازی حاکیم لە ولاتانی ناوچەکە لە قالبی حوکمی ئێستادا و لە چوارچێوەێکی جوغرافیایی کە ئێستا لەوێ دا حوکم دەکەن ناتوانن لانی کەم تاکو چەند دەیەی داهاتو دا و لە مەودای درێژخایەن پارێزەری قازانجی بازاری سەرمایەی جیهانی بن ئەویش بەو پێشکەوتنەی کە سەنعەتی سەرمایەداری ناتوانێ سووری خۆێ گرێ بداتە ئەو سنوورانەی کە حکومەتەکانی ناوچەکە بۆ ئەمنیەتی ناوخویی خۆیان لە سەر رێگای گەشە کردن و پەرەساندنی سەرماەیی جیهانی دایان ناون .پیویستە ئەم سنوورانە ببەزن نە لە بەر ئەوەی کە حکومەتەکانی ناوچەکە ناتوانن پاسداری بکەن لە بەرژوەندی ئەوان بەڵکو لە بەر ئەوەی کە ناتوانن چی‌تر لەم چوارچیچوەی کە ئێستا کە خۆیان لەوێدا بەربەست کردوون پاسدارێکی چاک بن بۆ پاسداری کردن لە دابین کردنی ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری و بازارە پرِ سوودەکانی ولاتانی مترووپوڵ . شەرِی ئەوان و هەرِشەکانیان مەسەڵەی مان و نەمانی ژیانی سیاسی ئەوانە نەک ژیانی ئابووری ئەوان کە سەرتاپێ گرێ دراوەتە مان و نمانی سەرمایەی جیهانی . بینیمان لە ئەفغانستان و عێراق لە ئەساسدا هیچ شتێک جگە لە سەرخانی سیاسی واتە شێوازی سیاسی حوکم نەگۆرا و تاکو دیاریکردنی یەک لایەنەی .مەسەلەی حوکمی سیاسی لە ئێران و فەراتر لەویش گشت ناوچەی روژهەلاتی ناوەراست مەسەڵەی ئەم دوو ولاتەش چارەسەر نەکراو دەمینیتەوە.

# گوڵ لیرە دایە , لێرە هەڵپەرە!

قەیران دەبێ پەرە بستێنێ تاکو خۆدی ئەم قەیرانە قەیرانێکی گەورەتر بخوڵقێنێ. ئێیتا کە ئەو هۆکارانە کە زەمینەی پەرەساندنی قەیران لە ناوچەکە خۆش دەکات زۆرن وەک مەسلەی ئەرزی لە نێوان وڵاتانێک وەک ئێران و ئیمارت , مەسەڵەی چەکی ئەتۆمی , مەسەلەی مافی مرۆڤ , مەسەڵەی هەڕەشە لە سەر ڕێگا ئاویەکانی نیودەوڵەتی بەتاییەت تەنگەی هورمز , مەسەڵەی تیرۆریزم و . . . ئەمانە هەموو دەتوانن لە هەر کاتێکی جیاواز ببنە ئامرازێک بۆ پەرە پێدانی قەیران و خوڵقاندنی قەیرانێکی گەورەتر . مەسەڵەی لە سەر ئەوەی نیە کە حکومەتەکانی ناوچەکە تاکو ئێستا نەیانتوانیوە بە باشی پاسداری لە بەرژەوەندی سەرمایەی جیهانی بکەن بەڵکو پەرەساندنی سەرمایەکانی مالی لە وڵاتانی ئیمپریالیستی پیویستی هەیە فەزایکی گەورەتر کە ئازادانە بتوانێهێز و توانای چالاکی خۆی بە نەمایش دەربێنێ . لە ئاوا هەلو مەرجێکدا سەر بە خوێ سیاسی واتە حوکمی سەربە خۆی سیاسی یان دەسەڵاتی سەربەخو کە ئابووری ئەو بە تەواوی گرێ دراوەتە وڵاتانی مترووپول مانایکی نامێنێ و ئەوەی کە لە ئەفغانستان و عێراق ڕووی دا بۆ ئێران و وڵاتانی تری ناوچەکە چاوەڕوان دەکرێ . نەک بلین تاکو ئێتا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران و یان وڵاتانی تری ناوچەکە سەربەخۆ بووە بەڵکو بەو مانایە کە شێوازی حوکمی سیاسی لەم وڵاتانە لە هەلومەرجی ئێستای پەرەساندنی سەرمایەی مالی وڵاتانی مترووپول وەڵامدەوی پیویستەکانی نوێی سەرمایە جیهانی نیە و دەبێ بگۆردرێ .

لە ئاوا هەلو مەرجێک دا بزووتنەووە کۆمەڵایەتەکان لە وڵاتانی ناوچەکەیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەستێنێ ئەڵام نەک ڕێک خراو و خاوەن ئالترناتیوی دیاریکراوی شۆڕشگێرانە بەڵکو بە شێوەیکی خۆبە خۆیی لە بەر ئەوەی کە ئالترنتیوی چەپ بە خۆێ لە تەنگە ژەی بەربلاوی و دووری لە خەڵکە . دەبینین کە لە ئەفغانستان و عێراق بەچ شێوەیک دژایەتی گەل و ئیمپریالیزم بەلاری چووە خەڵکی نارازی لە داگیر کەران لە دەستە کانی دواکەوتووی سوداگر سازماندەهی کران و هەموو ڕۆژێک دەستە دەستەی ئەوان دەبنە ئامرازیک بوو سات و سەودای وڵاتانی دواکەوتووی ناوچەکە . چەپیش لەم وڵاتانە تەنیا بەم تەحلیلە کە جاری لە دەستی حوکمی دیکتاتور ڕزگار بین پیشوازیان کرد اە کردەوەی داگیرکەری و ئیستاش هێچێک بۆیان نەماوەتەوە جگە لەوەی کە لە رووی تێگەیشتووی دا پروپاگەندەی ئەو بکەن کە چ باشتر کە ڕزگارمان بوو خەباتی چینایەتیش خۆی بە خۆی بەرەو پێش دەروات !! ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە بە دوای ڕووداوەکان ڕوێشتن و پاسیفیزم نەک چەپی پەیکارگەر . یان چەپی تێگەنیەر . ئالترناتیوی چەپ نە تەنیا لە یەکگرتنی خوێ بەڵکو گرینگتر لەوێ لە پەیکارگەر بوونی و لە تێگەنیەر بوونی و دژایەتی ئەو لە گەڵ پاسیفیزم دەتوانێ پەیوەندی بە خەباتی ڕۆژانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بگرێ بە بێ سنووردانانی یەکجاری لە گەڵ مارکسیزمی ویترینی ناکرێ ئارەزووی ڕێکخستنی خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە ناو مێشکی خۆمان جێ بدەین .

ڕزگار بوونی چینی کرێکار لە خەباتی سینفی بەربلاو و بەرەو پێش چوونی ئەو بەرەو خەباتی سیاسی پیویستی هەیە بە ریکخستن لە لایەن پیشرەوانی کرێکاری چەپ . پیویستی هەیە بە تەبلیغ و تەرووێجی بیرو ئەندیشەی پیشرەوی چەپ خەباتی چینی کرێکار و پێشرەوانی کرێکار فەراتر لە دەرکردنی تووکار و ئیمزاو نامە نووسین بۆ کۆڕ و کۆمەڵەکانی نیودەوڵەتی . ئەمانە ئەو راستیانەیە کە تێمان دەگەیێنێ کە نەخۆشی چەپی ئێران نە لە پەتەوازە و بلاوە بوونی بەڵکو فەراتر لەوە لە گۆشەگیر بوون و بێ هەڵویست بوونی ئەوە . چ باشتر بڵین مەیدانی کردەوە جیجگایکیتر نیە جگە لە شوێنی کار و ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیش نەک شوێنیتر ئەگەر وایە

گوڵ لیرە دایە , لێرە هەڵپەرە.


ناونیشانی سایتی ڕێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیک و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو بریتین لە :

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571


بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی, دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !